# بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە زاری چالاکێکی مەدەنی

*وێڕای سپاس. جەنابت لە نزیکەوە ئاگاداری کاری ڕێکخراوە مەدەنییەکان بووی. تکایە بیروڕای خۆتان سەبارەت بە چۆنییەتی دروست بوون و کاریگەریی ڕێکخراوەکانی مەدەنی لەسەر کۆمەڵگای کوردی بفەرموون.*

کوردستان کە وڵاتێکی بێدەوڵەتە. دەبوا بۆ قەرەبووکردنەوەی کەلێن و بۆشاییەکان چەندین هێندەی ئێستا، ڕێکخراو و بزاڤی کۆمەڵایەتی لە گۆڕەپانی چالاکییەکاندا هەبوایە و بەهێز و وزەیەکی زیاترەوە تێکۆشانیان بکردایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بەراوردێکی سەرپێیی و خێرای بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان بکەین دەبینین کە ڕۆژهەڵات هەم لە ئاستی چوارپاچەدا و هەم لە ئاستی ئێراندا زیاتر لە هەموو نەتەوەکانیتر ڕێکخراوی مەدەنی و کۆمەڵایەتی هەیە. لە دەیەی حەفتای هەتاوی بەدواوە، دەیەی سەرهەڵدان و تەقینەوەی بزاڤە ناحوکوومی و مەدەنییەکان بوو لە کوردستان.

لە دوای خەباتی سەخت و خوێناوی دەیەی شەست و ئاگربەستی شەڕی ئێران و عێراق و هەروەها کاڵبوونەوەی خەباتی چەکداریی، باڵی نەرمئامێری گەل لە ڕۆژهەڵات بە هێز و لەخۆبوردوورییەکی زۆرەوە لە هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵات و تەنانەت قوڵایی ستراتێژیکی ئێراندا (تاران و زانکۆکان) لە قەوارەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا سەریان هەڵدا و هاتنە گۆڕەپان. پێش لە هەموو باسێک دەبێ دان بەو ڕاستییە دابنێین کە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرەتادا هەموو وزە و ورە و مێکانیزمەکانی کارکردنیان لە ژێرکاریگەریی بزوتنەوە نەتەوەیی کوردستان دابوو.

چەخماخەی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی بە پێکهێنانی ناوەندی ڕۆشنبیریی سەلاحەدینی ئەیوبی لە ورمێ دەستی پێکرد. مامۆستا هێمن کە یەکێک بوو لە ئەندامانی کۆنگرەی چوار کە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دابرابوون، وەک بەرپرسی ئەو ناوەندە چالاکیی دەست پێکرد. دەسەڵاتی تاران ویستی لەو هەلە کەڵک وەرگرێ و بە دروستکردنی بزاڤێکی مەدەنی و ڕۆشنبیریی، کەلێن و بۆشاییەک لە نێوان بزوتنەوی نەتەوەیی و چینی ڕۆشنبیر و قەڵەم بەدەستی ناوخۆدا دروست بکات، بەڵام بە هۆی ڕەسەنایەتی ڕۆشنبیری کوردی، نەک ئەو ویستە نەهاتەدی بەڵکوو بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی هەم بوو بە سەرانسەریی و هەم بوو بە یارمەتیدەر و پێشرەوی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

بە گشتی لە سەردەمی شادا بزاڤێکی ڕۆشنبیریی ئەوتۆ سەریهەڵنەدا کە لێرەدا شایانی ئاماژە بێت. ناوەندی سەلاحەدینی ئەیوبی ڕۆڵێکی گرینگی لە ڕۆشنبیریی کوردی و خزمەت بە زمان و کلتووری کوردیدا گێڕا. کار و چالاکی ئەو ناوەندە لە ورمێ و موکریانەوە قەتیس نەمایەوە، بەڵکوو بەشە خوارووەکانی کوردستانیشی گرتەوە.

هاوکات و لە دوای ناوەندی سەلاحەین، ناوەندگەلی دیکە وەک بڵاوگەی ئیحسان و کوردستان هاتنە نێو بەرەی ڕۆشنبیریی کوردییەوە کە ئەو دو ناوەندە زیاتر لە بواری مەزهەبی و ئەدەبییدا جێ پەنجەیان دیار و بەرچاوە.

لە سەرەتای دەیەی ٧٠ی هەتاوییدا لە شارەکانی کوردستان ئەنجومەن و ناوەندگەلی ئەدەبی ـ فەرهەنگی دەستیان بە چالاکیی ئەدەبی و

فەرهەنگی کرد و بەرەیەکی دەروەست و ئەدەبپەروەریان ڕاهێنا و پەروەردە کرد. بە هۆی زۆربوون و چوونە سەری ڕێژەی خوێنەران و نووسەرانی کوردی نووسەوە، بێجگە لە گۆڤاری سروە، گۆڤاری ئاوێنە و دو حەوتەنامەی وەک ئاویەر و سیروان بوونە زمانحاڵی قەڵەم بە دەستانی کورد. جێی خۆیەتی لێرەدا ڕۆڵی ڕادیۆ کوردییەکانی سنە، مهاباد، کرماشان و بەغدا کە لەو سەردەمەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبیسران، بەرز بنرخێنین. وێستگەکانی ڕادیۆ، بە هۆی بڵاوکردنەوەی چیرۆک، شێعر، گۆرانی، سرود و وتووێژی تایبەت بە ژیانی لادێ و کشتوکاڵ، دەورێکی گرینگییان لە سەر زیندوو ڕاگرتنی هەستی نەتەوەیی لە سەر هەموو بەردەنگی کورد بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە دادەنا و تەنانەت بە هەموو زاراوە کوردییەکان بەرنامەیان بڵاو دەکردەوە.

*بزوتنەوەی مەدەنی و کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵات ئێستا لە چ ئاست و بوارێک دایە؟*

پۆلێن کردنی بزوتنەوەی مەدەنی و کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵات لە ئاستی بەربڵاو و گشتییدا سێ بڕگە دەگرێتە خۆ. یەکەم: دەیەی حەفتا کە بڕگەی یەکەمە و دەتوانین بڵێین هەموو چالاکییە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان کە لە دەیەکانی پێش حەفتا بە شێوەی پچڕپچڕ و تاکەکەسی و لە زمانی ڕادیۆ و گۆڤارەکانەوە ئاراستەی جەماوەر کرابوو، لە دەیەی حەفتادا بە هۆی دروستبوونی ئەنجوومەن و بنکە ڕۆشنبیرییەکانەوە چەقی بەست و کاناڵیزە کرا. دەیەی حەفتا دەیەی بناخەی بزاڤی مەدەنی و کۆمەڵایەتییە. دروست بوونی ژێرخانی فەرهەنگی لە دەیەی حەفتادا لە سەر پاشخانێکی دەوڵەمەند و نەشەمزاوی کۆمەڵگا پێکهات و بە بڵاوبوونەوەی دەیان دیوانی شاعێران، شانامەی کوردی، شەرح و شرۆڤە لە سەر ئەدەبی کوردی، بڵاوکردنەوەی چەندین فەرهەنگ و وشەدانی کوردی و هتد، بە ڕاستی نەوەی نوێی بە ڕابردوو گرێدرا. ڕۆڵی مامۆستایانی ئاینی بێجگە لە گەشەدانی ئەدەبی کوردی، لە وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز و تەفسیر و شرۆڤەی کتێبە ئاینییەکان بە زمانی کوردی دیسانەوە وەک بزوێنەرێک لە خزمەت ئەو ڕەوتە ڕۆشنبیرییەدا باسێکی تایبەتی دەوێت.

سوارە، ئەحمەدقازی، ئاسۆ،عەتا نەهایی، فەتاح ئەمیری، ماجد ڕۆحانی و سەدان قەڵەم بەدەستی دیکە پەروەردەی قوتابخانەی کوردایەتی هەژار، هێمن، حەقیقی، زەبێحی و گەورەکانی دیکەن.

قۆناخی دوهەم دەیەی هەشتای هەتاوییە. بە هۆی زۆربوونی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران و کوردستاندا بزوتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی بە ئەنجومەنەکانەوە نەبەسترایەوە، بەڵکوو خوێندەوارانی کورد لە ئاستێکی بەربڵاو و ئاکادیمیکتردا بزوتنەوەی مەدەنی ـ فەرهەنگی کوردستانیان گوازتەوە ناو قوڵایی ستراتێژیکی کۆماری ئیسلامی. بە دەیان ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە زانکۆکانی تاران، تەورێز، ئیسفەهان، کرماشان، ورمێ و سنە پێکهاتن. بە دەیان گۆڤاری تایبەت و پسپۆڕانە بە زمانەکانی کوردی و فارسی بڵاوکرانەوە. دەیان کۆنگرە و کونفراسی تایبەت بە پرسی کورد لە زانکۆکان بەڕێوەبەران. بە سەدان و هەزاران خوێندکار بڕوانامەی نووسین و خوێندنی زمانی کوردییان بە شێوازی ئاکادێمیک بە دەست هێنا. گرینگترین و پڕبایەخترین خاڵی ئەو قۆناخە، گەیاندنی هەستی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی کوردی، لە لایەن خوێندکارانەوە بە خوێندکارانی بەشە لەبیرکراوەکانی دیکەی کوردستان وەک ناوچەکانی ئیلام، کرماشان، لوڕسانات، کوردەکانی خۆراسان، تاران و هتد بوو.

بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان بێجگە لە زیندوکردنەوەی شعووری کوردی، کاریگەریی و شوێنیان لە سەر خوێندکارانی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران دانا و بە جۆرێک ئەوانیان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و ئیتنیکییەکانی خۆیان هاندا. لاوانی دەروەستی ئەو قۆناخە بێجگە لە بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی لە ئاست کوردستاندا دەیان کتێب و توێژینەوەی زانستی ئاکادیمییان لە سەر پرسی کورد لە ئاستی ئێراندا بە زمانی فارسی و لە ئاستی جیهانییدا بە زمانی ئینگلیزی لە گۆڤارە بە ناوبانگەکاندا بڵاوکردەوە. بە گشتی ئەو بڕگەیە بۆ کورد پڕ دەسکەوت بوو.

قۆناخی سێهەم لەو پۆلێنبەندییەدا قۆناخێکە کە بە هۆی گەشەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە شەوق و تامەزرۆیی کاری دەستەجەمی دائەبەزێ بۆ نێو دنیای مەجازی و چالاکییە فەرهەنگی و مەدەنییەکان، تاکەکەسی و تایبەتی دەبێتەوە. ئەگەر لە قۆناخی دوهەمدا بڵاوکردنەوەی گۆڤارێک تێچووی مرۆیی و ماڵی دەویست لەو قۆناخەدا هەر کەسێک بە دروووستکردنی پەیج و لاپەڕەیەکی تاکەکەسییەوە بە ئاسانی ئیدە و بۆچوون و وتارەکانی بڵاو دەکردەوە و دەیگەیاندە بەردەستی خوێنەر. لەو بڕگەیەدا ڕێژەی گۆڤارە زانکۆییەکان بە تەواوی کەمڕەنگ بۆوە، تەنانەت ئەو دیاردەیە کاریگەریی لەسەر بڵاوکراوە سەرتاسەرییەکانی ئێراندا هەبوو. لەو بڕگەیەدا بە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی ژینگەییەوە، ڕێکخراوە سەوز و ژینگەییەکان چالاکیی مەیدانییان چڕوپڕتر بووە.

*تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چ کاریگەرییەکیان بووە؟*

دەستپێڕاگەیشتنی هەمووان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و گشتگیربوونەوەی چالاکییەکان، کاریگەریی خێرای لە سەر ڕۆشنبیریی لاوان و نەوەی نوێ دانا. تایبەتمەندیی سەرەکی ئەو قۆناخە، خێراییە لە گەیاندنی زانیاری بە نووسراوەی کورت و دەنگ و ڕەنگەوە، کە کاریگەریی ئەو شەپۆلە لە خۆپیشاندانە مەزن و سەرانسەرییەکانی ئێراندا ڕەنگدانەوەی هەبوو. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەندە پرسی زمان و فەرهەنگ و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیان زەق و بەرجەستە کردەوە، لە بەرامبەریشدا بە سڕکردنی هزری لاوان گۆشەگیری و دوورەپەرێزی لە کاری کۆمەڵایەتی لە نێو لاواندا سەقامگیرکرد و دیاردەگەلی وەک کتێب خوێندنەوە، نووسین و لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانی لە نێو بەرنامەی لاواندا سڕیەوە.

بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات تەندرووستتر لە هەموو بەشەکانیتر هاتۆنەتە گۆڕەپانەوە. ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستانی باشوور درێژەی ئەحزاب و زمانحاڵی دەسەڵاتن، لە باکوور بە هۆی سیاسەت و ئایدۆلۆژیای پەکەکەوە بزاوە کۆمەڵایەتییەکان هەم ڕێژەیان کەمە و هەم ئیدئۆلۆگن . لە تورکیا دەرەتان بۆ چالاکیی ڕێکخراوەکان

له ئێران زیاتره و له ئیستەدا ڕێکخراوەکان له حالی گەشـــەدان بەڵام ڕەنگ و بۆنی کوردییان کەمتر پێوه دیاره.

***هیچ جیاوازییەک له  دەوره جیاوازەکاندا هەبووه؟***

لــه قۆناخـــی دوهەمـــی بزوتنـــەوەی ڕۆشـــنبیریی کوردیدا، ڕێژەی بەشداریی ژنان هەم له نێو بزاڤدا و هەم وەک هزروبیر بەرزتـــر بۆوه. دروســـتکردنی ئەنجومەنی ژنان له هێندێک شـــاری کوردســـتان و چاپ کردنی گۆڤاری تایبەت (ڕاســـان ) به پرسی ژن، بێجگه له نووسینی سەدان بابەتی تایبەت به پرســـی ژن، نموونەی چالاکیـــی ژنانه. کاریگەریـــی بزوتنەوەی سیاسی نەتەوەیی له ڕۆژهەڵات بێگومان لــه هەمـــوو برگەکاندا هـــۆکاری وزه و ورەی بزوتنـــەوه کۆمەڵایەتییەکان بووه. لەماوەی ئـــەو چەند دەیەدا به ســـەدان چالاکی بزاڤه کۆمەڵایەتییەکان تووشـــی گرتن و هەڵاتن له وڵات بوونەوه. عەدنان حەسەنپوور حووکمی ئیعدامی بۆ دەرکرا و پاش ده ســـاڵان له زینـــدان ڕزگاری بـــوو. ژینگەپارێزانی مەریوان و هەورامان له ئاگری نەزانیی داگیرکەراندا ســـووتان، به دەیان گۆڤار و دەرگای ئەنجومەنەکان داخران، له بوومەلەرزەکەی کرماشـــان و لافاوەکەی لورساناتدا  ڕێکخراوه مەدەنی و خێرخوازییەکان هێز و ڕاستەقینەبوونی خۆیان سەلماند.

له دەییەی هەشـــتا بـــەدواوه بزوتنەوه کۆمەڵایەتییـــەکان به هـــۆی تێکەڵبوون دەگەڵ بزاڤـــه سیاســـییەکان، ڕادیکاڵتر بوونـــەوه و بوونـــه زمانحاڵـــی ئەحزاب. گرتـــن و ئەشـــکەنجه و هەڵاتنی چالاکه کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەییەکان له دەیەی نـــەوەدی هەتاوییدا زیاترین ڕێژەی تۆمار کردووه.

***خاڵـــی لاوازی ڕێکخـــراوه مەدەنییەکان چییه؟***

له ڕاستییدا دەبێ بزاڤه کۆمەڵایەتییەکان هەم له باری ڕێکخســـتن و هەم له باری هزرییـــەوه ســـەربەخۆ بن و لـــه پەیام و بەرنامـــەی کاریـــی خۆیان لانـــەدەن و دەســـتێوەردانی بوارەکانی دیکه نەکەن. وادیـــاره هـــۆکاری توندوتیژبوونـــەوەی بزاڤه مەدەنییەکان، کـــەم بایەخ دانان و گوێنەگرتنی ویســـت و داخوازەکانیانه له لایەن دەزگای دەسەڵاتەوه.

بزاڤـــه کۆمەڵایەتییـــەکان ســـەرمایەی مەعنەوی کۆمەڵـــگان و هەر وڵاتێکیش به ڕێکخراوه کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان دەوڵەمەنـــد بێ ئەوه نیشـــانەی زیندویی و گـــەرم و گوڕیـــی لەشـــی کۆمەڵگایه. ڕێکخســـتنه کۆمەڵایەتییەکانـــی وەک ڕێکخـــراوه خێرخوازییـــەکان، لاوان و ژنان، ڕێکخراوه زانســـتی، توێژینەوەیی، هونەری، وەرزشـــی و هتـــد، هەریەک بۆ خۆیان دەتوانن ببنه ســـێبەر بۆ بەشێک لـــه ئەندامانی کۆمەڵـــگا و له پەروەرده و ڕاهێنانیانـــدا ڕۆڵیان هەبێ. ئەگەر ڕۆژێک لـــه ڕۆژان دەرەتان بـــۆ چالاکی بزوتنەوه کۆمەڵایەتییـــەکان پێک بێـــت بێگومان کولتوور و ناســـنامەی کوردی له هەموو بوارکانـــدا دەگەیەننه لوتکـــه. ڕێکخراوه کۆمەڵایەتییـــەکان هەم گرێدراوی زمان، فەرهەنگ و عورفـــی کۆمەڵگای کوردین و هـــەم داهێنـــەر و بونیاتنـــەری هزر و بیرۆکەی سەردەمن.

حیزبـــی سیاســـی دەبـــێ ســـنووری تێکەڵـــی و نزیکی له هەمبـــەر بزوتنەوه کۆمەڵایەتییەکاندا بناســـێ و تا ئاستێک دەستێوەردان له کاروبارەکانیاندا بکات که ببنه هۆی هاندان و بەرزکردنەوەی ورەیان نەک ئەوەیکه له ڕێبازی ڕاســـتەقینەیان لایان بدەن.

***داهاتـــووی کاری ڕێکخراوه مەدەنییەکان چۆن دەبینن؟***

داهاتـــووی بزوتنـــەوه کۆمەڵایەتییەکان ناڕوونـــه و لـــه بەرامبـــەر مۆدێرنیتـــه و جیهانیبووندا ڕوون نیه بەرەو چ ئاقارێک دەڕۆن. ئەوەیکـــه گرنگـــه ئەوەیـــه کـــه ڕابـــردووی بزوتنـــەوه کۆمەڵایەتییەکان پڕشنگدار و بەرێزه.

هەڵوێســـتی دەوڵـــەت ســـەبارەت بـــه کاروچالاکیی ڕێکخراوه کۆمەڵایەتییەکان له کوردستان ناڕوون و گوماناوی و دوور له پرینسیپ و یاساکانه. بەرنامه و پێڕەوی ڕێکخـــراوه کۆمەڵایەتـــی و مەدەنییەکان پێشـــوەخته له لایـــەن وەزارەتی ناوخۆ و ئیـــدارەی ئیرشـــادەوه ئامـــاده کراوه و هەیئەت مودیـــره و گرووپی بەڕێوەبەر له کاتی وەرگرتنـــی مۆڵەتدا دەبێ ڕەچاوی ئـــەو یاســـا و بەندانـــه بکـــەن. به هۆی ئەوەیکـــه ڕێکخـــراوه کۆمەڵایەتییەکان



خەڵکـــی و ناحوکوومیـــن، خـــەرج و تێچـــووی کاروبارەکانیـــان له ئەســـتۆی بەڕێوەبـــەران و خەڵکـــی کوردســـتانه. کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بیرورای گشـــتی ناوخـــۆ و دەرەوه هەوڵ دەدا مۆڵـــەت و کاروچالاکیی ڕێکخراوه کۆمەڵایەتییـــەکان وەک دواییـــن مافی نەتەوەیی و یاســـایی کورد پێناسه بکات و پرســـی نەتەوەیی بچـــووک بکاتەوه بۆ بزوتنەوه کۆمەڵایەتییەکان. کاروچالاکیی ڕێکخراوه کۆمەڵایەتییەکان بێجگه لەوەی بەردەوام لـــه ژێرچاوەدێری نهێنی دەزگا ئەمنییەکان دایه، دەبێ هەموو بەرنامه و کارەکانیان له فیلتەر و چاوەدێریی ئۆرگانه پێوەندیدارەکانـــەوه تێپەڕێ و گوڵبژێری بەرهەم و نووسراوەکان بکەن. له ئیستادا مەریـــوان به هۆی زۆرتریـــن ڕێکخراوی کۆمەڵایەتییەوه، به شـــاری ڕێکخراوەکان ناسراوه و ئاستی بەربڵاوی کار و چالاکیی ڕێکخراوەکان، کاریگەریی له سەر گشت شـــارەکانی کوردســـتان داناوه. سەبارەت به کاروباری ڕێکخراوه کۆمەڵایەتییەکان پێویسته به شێوەی فرەڕەهەند و مەیدانیی له سەریان بنووسرێ و توێژینەوه بکرێ.